# کێن ئەوانەی دەبنە نەوەیەکی دی؟

بەشدارییەک لەو گفتوگۆیانەدا کە دەربارەی« شوێنی گەنجان لە کۆمەڵگادا » سازدەکرێت

## بەختیار عەلی

لە دونیای ئێمەدا بەردەوام مەسەلەیەک زیندوودەبێتەوە کە مەسەلەی نەوەکانە. نەوەکان کە هەمیشە بەهەڵە وەک کۆمەڵێک قەوارەی جیاواز و لەیەکدابڕاو قسەیان لێدەکرێت، وەک ئەوەی ئەو مەودا زەمەنییەی باوکێک لە کوڕەکەی جیادەکاتەوە بەسبێت بۆئەوەی ببێتە مەودایەکی فیکری، مەودایەک کە خۆبەخۆ شێوە دیدێکی دی بۆ ژیان و کۆمەڵگا گەشەپێبدات.

مافی قسەکردن لەسەر جیاوازی نەوەکان، مافێکی ئاسان و ئاشکراو ستراکتوری نییە، جیاوازی نێوان نەوەکان بەشێوەی جیاوازی نەتەوەیی، یان جیاوازی نێوان ژن و پیاو ڕەگوڕیشەیی قووڵی لە ناو سروشت، دابەشبوونی جوگرافی، دابەشکردنی ئابووری یان دابەشکردنی کاردا نییە. نەوە وەک نەتەوە نییە شوناسێکی دەستنیشانکراوی جیاکەرەوەی هەبێت، وەک ڕەگەزەکان نییە جنس دابەشکردنێکی سروشتی بەسەردا سەپاندبێت، وەک چینەکان نییە  بە سروشتی کارو سروشتی پەیوەندی سەرمایەدا بناسرێتەوە. نەوە زۆرجار هەتا لەڕێگای تەمەن و زەمەن و زاراوەگەلی وەک کولتووری سەردەم و ڕۆحی هاوچەرخ و زاراوەگەلی تری لەو چەشنەش پێناسەناکرێت. چەمکی «نەوە» چەمکێکە بەزەحمەت تەفسیردەکرێت، بەزەحمەت بەکاردەهێنرێت، بەزەحمەت مانایەکی کۆنکرێتی دەدرێت کە بکرێت ئاسان و بێدوودڵی قبووڵیبکەین.

لەیەککاتدا دەتوانین قسە لەسەر نەوەبکەین، ئەوکاتەی کە ژیان لەبەردەم گۆڕانێکی قووڵدایە، ئەوکاتەی کە پرۆژەیەکی دی بە سیمایەکی دییەوە دێت و دەکەوێتە جەنگێکەوە کە پێش ئەو جەنگێکی دیکەمان بەو چەمک و کەرەستانە لە بەردەستدا نییە. چەمکی نەوە ئاماژەیە بۆ هەستێکی ستاتیکی تر بە ژیان. هەستێک کە لە هەستی ئەبستراکت و ڕووتەوە گواستوێتیەوەو خۆی لە هەموو تەمتومانێک ئازادکردووەو بوێرانە قسە لە کۆن بوونی سەردەمێک دەکات. بۆئەوەی درێژە بە ڕەوتی خۆشی بدات بێسڵکردنەوە دەڕوات و داوای لێبوردن لە کەس ناکات.

چەمکی نەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان خۆڕزگارکردنە لە دوودڵی، دوودڵی لەنێوان هەنگاونان بەرەو پێشەوەو هەنگاونان بۆدواوە. واتە ساتەوەختێکە خەمی سەرەکی تیاییدا پاراستنی ئەو شتانە نییە کە هەن، بەڵکو قسەکردنە لەسەر ئەو شتانەی کەنین. هەموو ئەوانەی دەڵێن قسەکردن لەسەر دین و سیاسەت و حەرامەکان، کۆمەڵگا وێراندەکات،ماڵمان لێکدەترازێنێت، شیرازەی کۆمەڵایەتی دەپچڕێنێت، ئەزموونی سیاسیمان دەخاتە مەترسییەوە، تەنیا کەسانی مەحافەزەتکارنین، بەڵکو کەسانێکن فۆبیایەکی قووڵیان لە ژیان هەیە. ئەو هاوارانەی ئەمرۆ دەیانەوێت جوانی بکەنە بەر سونەتتگەرایی و موحافەزەتکاری، ترس و فۆبیا لە تازەکردنەوە بفەلسەفێنن، لە قووڵایی ترسێکی بێئەندازەوە لە ژیان قسەدەکەن، لە بوغزێکی گەورەوە دژ بە گۆڕان.

**********

چەمکی نەوە خۆفڕێدانە بۆ ناو نادیار بێئەوەی بترسین لەوەی کە لە تاریکی نادیاردا چیتر ڕوناکی شتە بینراوەکان نابینین. وشەی نەوە تەنیا لەو ساتەدا شەرعییەتی تەواوەتی خۆی هەیە کە ڕوناکی و دونیا ناسراوو بینراوەکان تامی خۆیان دەدۆڕێنن.

**********

وشەی نەوە لەگەڵ هەستێکی قووڵدا بەتاریکی دەسپێدەکات، لەگەڵ ئەو هەستەدا کە دڵنیادەبین «بینینی

ئێستامان» چیتر سوودێکی نییە بۆ تێپەڕین و پەڕینەوەو تێگەیشتن و مانادان بە ژیان. نەوەی نوێ هەمیشە لە تاریکییەوە دێتەدەرێ. تاریکییەک لە بنەڕەتدا دەرەنجامی کۆنبوون و کاڵبوونەوەو تاریکبوونی مانا و سیستم و تام و ئارەزووەکانە.

**********

بۆئەوەی نەوەیەک دروستبێت، تووڕەبوون ، تاریکی ، گۆڕان ، بەشدارینەکردن ، هاوارکردن ، هەستکردن بە پوچی ، نەهەلستییەت ، ئانارشییەت ، کەمبوونەوەی چێژی ژیان ، گەڕان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شتێکی دی سەرەتای هەرە گەورەن. بەڵام هەموو ئەوانە سەرەتان. سەرەتان بۆ دروستبوونی شتێکی دی کە دەشێت هەرگیز دروستنەبێت.

**********

نەوەی نوێ هەمیشە لە بێشەرمییەوە دەستپێدەکات، لە شتێکەوە دەستپێدەکات ناویدەنێم «ئیرادەی شەرمنەکردن».

**********

شەرم کوشتنی خودە بۆ ڕازیکردنی ئەوی دی. کۆمەڵگاکانی شەرم ئەو کۆمەڵگایانەن کە خودیان تیا بەرهەمنایەت. شەرم جیهانی کۆنە لە ڕۆحتدا دانیشتووە. شەرم بریتییە لە ئامادەگییەکی قووڵ بۆ دووبارەکردنەوە. لە کاتێکدا نەوەیەک لە نەوەکان ساتێک لەدایکدەبێت کە چیتر گومان لە هەموو دووبارەکردنەوەیەک بکات.

**********

کاتێک دەتوانین بەتەواوەتی قسە لە لەدایکبوونی نەوەیەک بکەین کە ئیرادەیەکی بەهێز هەبێت، بۆ شکاندنی ئەو دیوارانەی لە نێوان ویست و واقیعدا هەن، کاتێک هێزگەلێکی کۆمەڵایەتی بڕیاردەدا بەبێدوودڵی جۆرێکی تر لە ژیان هەڵبژێرێت کە نەژیانێکە لە ڕابوردوودا بووە و نە ژیانێکە لە ئێستادا. بەڵام نەوەیەک نییە بێکردەوە، بێهەڵبژاردن، بێئاسۆ... کاتێک دەڵێین ئەم نەوەیە خەمگینە، ئەم نەوەیە بێهیوایە، ئەم نەوەیە بێئاسۆیە، خۆمان دەخەینە ناکۆکیەکی کوشندەوە، ڕاستە نەوە لە بێهیوای و نائومێدییەوە دەست پێدەکات، بەڵام بێهیواییەکی موتڵەق و شەوەزەنگئاسا نا، بەڵکو بێهیواییەک دەتوانێت نائومێدی خۆی بکاتە وزە، نەوە لەو ساتەدا لەدایکدەبێت کاتێک نائومێدییەک دەستدەکات بەکار، کاتێک یۆتۆپیایەک خەون بەوەوە دەبینێت ببێتە حەقیقەت، کاتێک خەیاڵێک دەکەوێتە قسەو بەزمانی واقیع دەدوێت.

**********

کەسانی داهێنەر ناکرێت بچنە بری هیچ نەوەیەک، نەوە چەمکێکی کۆمەڵایەتی بەرینە، نەوە کۆمەڵە خەڵکێک نین کە لە ساڵگەلێکی دیاریکراودا لەدایکدەبن و لە مودەتێکی دیاریکراودا گەورەدەبن و بەرابەر کۆمەڵە خەڵکێکی تر دەوەستن کە تەنیا تەمەن و ئەزموون لەیەکیانجیادەکاتەوە. بەڵکو چەمکی نەوە، دەبێت هاوڕێی بزاوتێک بێت کە شتێک لە ناو مێژوو، سیاسەت ، ستراکتوری کۆمەڵایەتییدا دەگۆڕێت. شتێک لە تام و ڕەنگ و چەشەی ژیان، شتێک لە ڕێکخستنی دونیاو ڕوخساری پەیوەندییە نزیک و دوورەکان دەگۆڕێت. نەوەیەک بۆئەوەی بتوانێت لە «نەوەیەکی بایۆلۆژییەوە» کە تەنیا فاسیلەی کات لە نەوەکانی دی جیادەکاتەوە ببێتە «نەوەیەکی مێژوویی» کە فاسیلەی گۆڕان لەوانی دی جیایدەکاتەوە دەبێت ژیان بەجۆرێکی دی تەفسیربکاتەوە.

**********

بۆئەوەی لە زاراوەی نەوە تێبگەین دەبێت لە پۆلێنی زەمەنییەوە، واتە لە جۆرە پۆلێنێکەوە کە نەوەکان دابەشدەکاتە سەر «نەوەی حەڤتاکان» «نەوەی هەشتاکان» «نەوەی نەوەدەکان» بگوازینەوە بۆ جۆرە پۆلێنێکی تر کە نەوەکان نەوەک بە حیسابی زەمەن، بەڵکو بە حیسابی توانای گونجاندنی کۆمەڵگا لەگەڵ فەزایەکی دیدا بۆژیان پۆلێندەکات. داهێنەر یان بیریاران ناچنە بری نەوەکان، بەڵام توانای نەوە لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە

کۆمەڵگا ڕازیدەکات لەگەڵ ئاسۆیەکی دیدا کە لە ناو فیکرو داهێنانەوە دێت بگونجێت. هەموو نەوەیەک بلیمەت و هزرەڤانگەلێکی دەوێت بەر لە خۆی لەدایک بن. لەهەرشوێنێکدا داهێنان نەبوو، نەوەیەکی دی بوونی نییە... چەمکی نەوە قووڵ لە جێگایەکەوە دێت، کە فیکر ئازادانە دەستکاری سیستمە نەگۆڕەکان دەکات، قووڵیش بەرەو ئەو جێگایە دەڕوات کە کۆمەڵگا حەرامەکانی خۆی تیاپاراستووە. وەزیفەی نەوە ئەوەیە کۆمەڵگا ناچاربکات تەشریعاتەکانی، کولتووری، دابونەریتەکانی بە شێوەیەک بگونجێنێت لەگەڵ ئەو بێشەرمییەدا تەبابێتەوە کە خۆی وەک نەوە پراکتیزەیدەکات. نەوە هێزێکە کۆمەڵگا ئامادەدەکات بۆ ژیانێکی دی، ئەو بەریەککەوتنێکی کوشندەو وێرانکەر نییە لەگەڵ کۆمەڵگادا، بەڵکو دەسەڵاتێکە کۆمەڵگا و هێزەکانی دی ناچاردەکات ژیان بە شێوەیکی دی ڕێکبخەنەوە. چەمکی نەوە پەیوەندییەکی ئۆرگانی بە چەمکی «ناچارکردن»ەوە هەیە

**********

تورەبوون بەس نییە بۆئەوەی خۆت بە نەوەیەکی دی بزانیت، تورەبوون تەنیا بەشی ئەوەدەکات نەوەکان هەموویان ونبکەیت و بڵێیت من سەر بە هیچ نەوەیەک نیم. تورەبوون لە باوکان، لە حیزب، لە دین، ئومێدی دروستبوونی نەوە نیشاندەدات، نەوەکو خودی نەوە وەک هێزێکی مێژووی و کۆمەڵایەتی.

**********

ژمارەی نەوەکان، بە ژمارەی ساڵەکان یان دەییەک یان چەند دەییەساڵێک ناژمێردرێت، بەڵکو بە ژمارەی ئەو گۆڕانانە دەپێورێت کە لەناو ستراکتوری کۆمەڵایەتییدا دەیبینین، یان لایەنی کەم بە ژمارەی ئەو خەونانە دەژمێردرێت کە لەگەڵ واقیعدا کارلێکدەکەن و دەچنە تاقیکردنەوەی تواناکانی خۆیانەوە. شکستخواردنی نەوەیەک لە شەڕی دەسەڵاتدا مانای مردن و بێکاریگەری نەوەیەک ناگەیێنێت، دیارە ژمارەی نەوە شکستخواردووەکان هەمیشە زۆرترن لە ژمارەی نەوە سەروەر و براوەکان. وەلێ نەوەیەکی شکستخواردو هەمیشە کەمتازۆر و بە پێی کۆمەڵێک هاوکێشەی ئاڵۆز جێپەنجەی خۆی لەسەر هەموو ژیان و ماناکانی جێدەهێڵێت، هەوڵدان بۆ ئەوەی کۆمەڵگا ناچاربکەیت خەونی تۆ ببینێت، مەرج نییە لە دەسەڵاتدا کۆتایی بێت، سەرکەوتنی نەوەیەک لە نەوەکان بە نزیک و دووریی لە لوتکەی دەسەڵاتی سیاسییەوە ناپێورێت، بەڵکو بە توانای لەسەر گۆڕینی قەناعەتەکانی کۆمەڵگا دەپێورێت. نەوەی شەست و هەشت لە ئەوروپادا نمونەی گەورەی ئەو نەوەیەن کە بە قووڵی دەستکاری کۆی ماناکانی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە دەکەن کە فەرد بە کۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە، بێئەوەی بتوانن ستراکتوری سیاسی بگۆڕن، ئەو نەوەیەن ژیان لە مانا وردەکانیدا دەستکاریدەکەن، بێئەوەی بتوانن هەیکەلییەتی ئابوری و سیاسی بە قووڵی وەرچەرخێنن. ناکۆکیەک پێموایە ئەوروپا تا ئەم ساتەش تیادەژی.

**********

عەقڵییەتە سیاسییە بچوک و بەرتەسکەکان سەرکەوتنی نەوەیەک لە نەوەکان تەنیا لەوەدا دەبینن ئایا ئەو نەوەیە بۆ وەدەستهێنانی خەونەکانی خۆی دەسەڵاتی سیاسی کۆنی ڕوخاندووە و خۆی ببێتە حاکم، ئەمە هەڵەیەکی تەقلیدی عەقڵییەتی سیاسی و هەڵەیەکی باوو دووبارەی عەقڵییەتی سیاسی کوردیشە بە هەموو باڵەکانییەوە، کە پێیان وایە سەرکەوتن و دۆڕان لەوەدایە «ئایا سەرۆکەکەت دەگاتە کورسی سەرۆکایەتی یان ناگات؟» کە سەرۆکەکەشت نەهاتە سەر حوکم ئەوا تۆ دۆڕاویت. ئەمە تێکەڵکردنی چەمکی نەوەیە بە حیزب... ئەم هەڵەیە بەرهەمی کولتووری نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنییە، لە هەر جێگایەکدا ئەو کولتوورە لاوازبوو، هەموو شتەکانی دی بە پێوەرەکانی حیزب، بە سیستمی شوبهاندن بە حیزب دەپێورێن.

**********

دەسەڵاتی نەوەیەک، پێوەری شوناسی نەوەیەک نییە، بەڵکو پێوەری کرانەوەی دەرگاکانی کۆمەڵگاو هەیئەتە

سیاسییەکانی کۆمەڵگایە بۆ ئەو نەوەیە. دیارە هەر بەریەککەوتنێک لەگەڵ هێزەکانی دی و تەفسیرەکانی دی و تێگەیشتنە کۆنەکاندا، سروشتی شەڕی دەسەلاتیش دەگرێتەبەر، بەڵام ئامادەگی ڕاستەقینەو مێژوویی نەوەیەک لە نەوەکان بە سەرکەوتن و ژێرکەوتنییەوە لە شەڕی دەسەلاتدا گرێنەدراوە، بەڵکو بە گۆڕینییەوە بۆ جیهانبینی و قەناعەتە فیکری و ئەخلاقییەکانی ناو کۆمەڵگاوە گرێدراوە.

**********

ئایا هیچ نەوەیەکی ئێمە توانای ناچارکردنی کۆمەڵگای هەبووە بەگۆڕینی ژیان و ڕەگەزە سەرەکییەکانی ناو ڕوخساری ڕێکخستنی ژیان؟ ئایا هیچ نەوەیەکی ئێمە لە بوونێکی هێزەکییەوە «وجود بالقوة» توانای ئەوەی هەبووە ببێتە بوونێکی کردەکی «وجود بالفعل». توانای ئەوەی هەبووە لەئەگەری نەوەوە ببێتە نەوەی ڕاستەقینە؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە لە ڕۆشنبیری ئێمەدا کەس نەیکردووە.

**********

ئەمرۆ دەتوانین سەرەتاکانی نەوەیەکی دی ببینین، سەرەتاکانی نەوەیەک تا ئێستا پێیوایە تورەیی و نائومێدی بەسە بۆ ئەوەی شوناسی خۆی وەک نەوەیەکی دی لە ڕابوردوو جیابکاتەوە، بەڵام هیچ نائومێدییەک نییە دیوی ئەودیوی ئومێدنەبێت، هیچ نائومێدییەک نییە ئاماژە بۆ ئومێدێک نەکات، هەموو نائومێدییەک لەناو خۆیدا ئەگەری ئومێدێکی پێیە، هەموو کەسێکی نائومێد بە نائومێدی خۆی قسە لە ئومێدێکی تر دەکات. ئێمرۆ ئێمە نەوەیەکمان نییە کۆمەڵگا ناچاربکات، ئێمە نەوەیەکمان هەیە هێشتا مەرجەکانی سەوزبوونی نەوەیەکی ڕاستەقینە لە ناویدا پێنەگەیشتووە، ئێمرۆ هێزێک نییە لەکۆمەڵگای ئێمەدا هەڵگری «نا» یەکی گەورەبێت. ئێمرۆ نەوەیەک لە نیشتیمانی ئێمەدا دەژی ئەو میکانیزمانەی لێپچڕاوە کە ئومێدو نائومێدی بەیەکەوە گرێدەدات. سەماکردن لە نێوان ئومێدی ڕەهاو نائومێدی ڕەهادا سەماکردنە لە نێوان ئەمسەرەوسەری دوو بوونی خورافیدا، دوو بووندا کە هەرگیز لە حاڵەتی ڕەهادا نین، دوو بوون هیچیان ناتوانن خۆیان لەوی دیکە پاکبکەنەوە. هەر ڕێگایەکیش لە نائومێدییەوە نەچێتەوە سەر ئومێد، دەچێتەوە سەر دۆزەخ. بۆئەوەی بەوردی نیشانەکانی سەرهەڵدانی نەوەیەک ببینین، دەبێت بەوردی لە کارلێک و پێکەوەژیانی ئومێدو نائومێدی بڕوانین. دەرکردنی نائومێدی لە ژیان ئومێد دەگۆڕێتە سەر مۆتەکەو دێوەزمەیەکی ترسناک، دەیکات بە کاڵایەکی پروپاگەندەی سیاسی و مەکیاجی دەسەلات بۆ سەردەمی خۆی. بەڵادەستی نائومێدیش هیچ نییە جگە لە بەهانەی نەوەیەک بۆ خۆشاردنەوەو بەرەنگارینەکردن. نائومێدییە وادەکات نەوە تازەکان لەدایکبن، ئومێدە وادەکات نەوەکان بە منداڵی نەمرن و گەورەببن.

**********

بەڵام ئەو نەوەیەی ئەمرۆ دەژی، نەوەیەکە نا ئومێدییەکەی قووڵترە لە نائومێدی نەوەکانی دی، چونکە کەمتر لەهەر نەوەیەکی دی کە مێژووی سەد ساڵی پێشووی ئێمە بەخۆیەوە بینیوە سیاسییە، تراژیدیای کۆمەڵگای ئێمەش ئەوەیە زەحمەتە لەدەرەوەی سیاسەت باسی ئومێدبکەیت، کۆمەڵگای ئێمە لەدەرەوەی سیاسەت تەنیا یەکشێوە ئومێدی دیکەی بەرهەمهێناوە کە کۆچە.

بۆئەوەی نەوەیەکی دی لەدایکبێت، دەبێت شێوەی دیکە لە ئومێد لەدایکبێت. دەبێت هەموو کایە کۆمەڵایەتییەکان پرۆژەو ئومێدی خۆیان هەبێت. بۆئەوەی نەوەیەکی دی لەدایک بێت دەبێت ژیان بەهەموو وزەی خۆی ئیشبکات. ئومێد بریتییە لەوەی دڵنیابیت هێزت هەیە دەستکاری شتەکان بکەیت، ناچارکردنی ئەو نەوانەیە کە دەڕۆن و خۆریان ئاوادەبێت بەوەی ئەو دەستکارییانە گرنگ و پڕبایەخ و ژینبەهان بۆ ئەو نەوانەی لە دوای ئێمەو ئەوانەوە دێن. بۆیە ئومێد قووڵ بە مەعریفەوە گرێدراوە، هەر ئومێدێک مەعریفەتێکی قووڵی لە پشت نەبێت، ئومێدێکی گەمژانەیە، هەر نائومێدییەکیش بەرەنجامی ئیشکردنی جۆرە تێگەیشتنێکی دی نەبێت لە ژیان، نائومێدییەکی نەخۆشە. نائومێدیش قووڵ بە مەعریفەوە گرێدراوە، ئەوە هوشیارییە کە ئومێدو نائومێدی

بەیەکەوە گرێدەدات، ناهوشیارییشە کە لەیەکیانجیادەکاتەوە. کۆمەڵگای جەهل ئەو کۆمەڵگایەیە کە لە نێوان ئومێدو نائومێدیدا پردێک بوونی نییە.

**********

کۆمەڵگا هەمیشە گەنجی هەیە بەڵام بەدەگمەن بتوانێت نەوەیەکیان لێدروستبکات. بۆئەوەی نەوەیەکمان هەبێت دەبێت شێوە هیوایەکی دی، لە شێوە زانینێکی دی دروستبووبێت.

نەوەیەک لەسەر ڕێگای بەرهەمهێنانی جۆرە زانینێکی دیکەدا نەبێت، لەسەر ڕێگای جۆرە ئومێدێکی دیکەشدا نییە.

ئەو ساتانەی نەوەیەک تیا لە دایکدەبێت هەستدەکەین بڕی ئەو مەعریفەیەی نەوەکانی دی هەڵگریبوون بەس نییە بۆئەوەی لە ئێستا تێبگەین، چەمکی نەوە قووڵ بە جۆرە داهێنانێکی دییەوە گرێدراوە، هەروەها قووڵیش بەوەوە گرێدراوە هێز هەبێت ئومێد لە ئاستی یۆتۆپییەوە بخاتەوە سەر زمانی دیاردەی مێژوویی.

**********

«ئیرادەی هێز» و «ئیرادەی مەعریفە» لە چەمکی نەوە جیانابنەوە. قەیرانی ئیرادە هەمیشە قەیرانی تواناو قەیرانی تێگەیشتنیشە. ئەو نەوەیەی ئەمڕۆ لە وڵاتی ئێمەدا دەژی بۆئەوەی ببێتە نەوە دوو توانای گرنگی نوقسانە، ئیرادەی گۆڕین و ئیرادەی تێگەیشتن. ونبوونی ئەم دوو ئیرادەیە لە ونبوونی دوو توانای گەورەدا بەرجەستەدەبێت. یەکەمیان توانای نەترسان، یان ئیرادەی شەرمنەکردن، دووەمیان توانای سەرسامکردن. نەترسانێک لە هێزەوە هاتبێت، هێزێک لەوبەری کولتووری کۆیلەیەتییەوە سەرچاوەی گرتبێت، لەوبەری ئەو کولتوورەوە قسەبکات کە ملکەچی بە فەزیڵەت دەزانێت. لە دونیای ئێمەدا تا ئێستا «کرداری کۆیلەکان» ، کۆیلەکانی دین و کۆیلەکانی سیاسەت، ڕووبەری هەرە گەورەی کۆی کردارەکانی داگیرکردووە، شەرمنەکردن واتە بەهێزبوونی توانای کردار کە تا ڕادەیەکی گەورە بە توانای بیرکردنەوەوە بەستراوە. توانایەک تەجاوزی لۆژیکی فەتوادەکات، فەتوایەک جاران تەنیا سروشتێکی دینی هەبوو، ئەمڕۆ لە پاڵ سروشتە دینییەکەیدا سروشتێکی سیاسی هەیە، کەسانگەلێکیش هەن دەیانەوێت جۆرە مۆدێلێکی دی لە فەتوای فەلسەفی داڕێژن، کە ڕیشەکانی قووڵ لە هەمان کولتووری کۆیلەیەتیدا سەوزبووە.

**********

توانای سەرسامکردن ئەو هێزەیە لە ڕێگایەوە یەکێک لە نەوەکان کۆی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەخاتە ناو بازنەی سیحری خۆیەوە. سەرسامکردن بەرهەمێکی نەپساوی تواناکانی مەعریفەیە. سەرسامکردنی کۆمەڵگا بە ستاتیکا و زانینی دیکە جەوهەری هەر پرۆسەیەکی قەناعەت پێهێنان و قەناعەت گۆڕینە. نەوەیەک لە نەوەکان ناتوانێت کۆمەڵگا ناچاربکات شێوازی ژیان و ستایلی فیکری خۆی بگۆڕێت گەر پێشوەخت سەرسامییەکی نەخستبێتەوە... سەرسامکردن یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی ئەو نەوانەی دەیانەوێت بێجەنگێکی خوێنین جیهان بگۆڕن. جەنگ هەندێکجار دەرەنجامی نەبوونی هێزی سەرسامکردنە، هەر نەوەیەک بتوانێت کۆمەڵگا سەرسامبکات، دەتوانێت تەیارو ئامادەشیبکات.

**********

نەوە لاوازەکان، ئەو نەوانەی دەبنە کەرەستەی فاشیزم، کەرەستەی جەنگ، کەرەستەی ئەو پرۆژانەی سەر بە زەمان و سەردەمی ترن. جۆرە نەوەیەکن لەبری سەرسامبکەن، هەر زوو سەرسامدەبن، هەرزوو دەکەونە بەر کاریگەری گووتاری ئەوانی دی و دەبنە دیلی کاریزماکانی پێشووتر.

**********

کێشەی گەورەی کۆمەڵگای ئێمە ئەوەیە پیرەکانی هەستناکەن کە پیربوون. هەر کۆمەڵگایەک هەستکردن بە پیری تیا لاوازبوو، کۆمەڵگایەکی نەخۆشە.

دیاره لێرەدا مەبەستم لە پیری نییە بە مانا بایۆلۆژییەکەی، بەڵکو مەبەستم لە پیرییە بە مانای هەستکردن بە پەکککەوتنی نرخە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان، مەبەستم هەستکردنی نەوە پیرەکانە بەبێمانابوونی دەسەڵاتیان.

**********

ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە «دەسەڵاتی سەراپاگیرو بێکەڵێنی یەک حیزب» ناویدەنێین، جگە لە دەمامکێکی دووەمی «دەسەڵاتی سەراپاگیرو بێکەڵێنی یەک نەوە» زیاتر نییە، کە حیزب کەرەستەی حوکمکردنێتی. لەنێوان حیزبەکان و دەسەڵاتی نەوە دێرینەکاندا پەیوەندییەکی ڕۆحی و ئۆرگانی هەیە، ئیدی خەیاڵێکی خاوە واتێبگەین ئەوانەی لە ناو حیزبە فەرمانڕەواکانەوە بە ناوی نەوەی نوێوە قسەدەکەن، نەوەی نوێن. تێکەڵکردنی ئەو دەنگانە کە لە دەمامکێکی گەنجانەی جیلێکی کۆن بەولاوە هیچی ترنین بە نەوەی نوێ هەڵەیەکی کوشندەیە.

**********

نەوەی نوێ لە ناوەوەی کۆمەڵگا، لە قووڵایی ژیانی نوێوە لەدایکدەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی گەنجێک بە خۆی بڵێت «من سەر بە نەوەیەکی نوێم» دەبێت لەدەرەوەی ئەو ستراکتورە سیاسییە پیرە بیربکاتەوە، ناکرێت تۆ لەدەستگایەکدا کاربکەیت کە هەموو جومگەو جەمسەرەکانی بۆنی پیربوونی لێدێت، ناکرێت لەو نوسینگانەدا کاربکەیت کە بەرپرسەکانی تۆزی پیری لەسەر خەیاڵ و بیرکردنەوەیان نیشتووە، ناکرێت لەو حیزبانەدا چالاکبیت کە ژەنگیان هێناوە، دواتریش بێیتە دەرێ و قسە لە پاشەڕۆژێک بکەیت کە پێشوەخت بەخشیوتەتەوە بە هێزەکانی ڕابوردوو.

**********

ئەوەی ناویدەنێم ئیرادەی شەرمنەکردن و خەجاڵەتنەکێشان، ئیرادەی قسەکردنی ڕاشکاوانەیە لەسەر پیری نەوەیەک. بێمانایە قسە لە نەوەیەکی نوێ بکەیت، بێئەوەی قسە لە پیربوونی نەوەیەکی دی بکەیت. هەموو ئەو قسانەی کە لەسەر نەوەی نوێ لە ڕاگیاندنی ڕەسمییەوە دەکرێت، مایەی پێکەنینە، چونکە کۆی ئەو گووتارە لەسەر حەرامێک بونیادنراوە، حەرامی قسەکردن لە پیربوونی نەوەیەک کەدەبێت بڕوات. ڕاگەیاندنی حیزبی لە کوردستاندا دەتوانێت قسە لە نەوەیەک بکات کە لەدایکدەبێت، بەڵام ناتوانێت قسە لە نەوەیەک بکات کە دەبێت بڕوات... چونکە قسەکردن لە بەسەرچوونی نەوەیەک، قسەکردنێکی ڕاستەوخۆشە لە بەسەرچوونی جۆرە سیاسەتێک و جۆرە سەردەمێک.

**********

کاتێک دەتوانین قسە لە لەدایکبوونی نەوەیەکبکەین، کە کۆمەڵگا ئامادەبێت جێگۆڕکێیەکی سروشتی بە نەوەکان بکات، «گواستنەوەی دەسەڵات» لە ناو نەوەکاندا، مەرجی سەرەکی پێوانەکردنی ئەو لۆژیکەیە کە قسە لە گەنجان و نەوەی نوێ دەکات. ناکرێت نەوەی نوێ وەک کۆمەڵێک منداڵەورتکە تەماشابکرێن کە دەبێت یاریگاو شوێنی شادییان بۆئامادەبکرێت، وەک کۆمەڵێک گەنجی بێژن کە ژنیان بۆ بهێنین، کۆمەڵێک خەڵکی بێپارە کە دەبێت تۆزێک پارەیان بۆپەیدابکەین. هەڵوێست لە نەوەی نوێ پرسیارێکە پابەندییەکی جەوهەری بە پرسیاری دەسەڵاتەوە هەیە. ئایا نەوە تازەکان دەتوانن لە ناو حیزب و دەوڵەتدا داوای شوێنی زیاتربکەن، ئایا نەوە کۆنەکان ئامادەگیی جێهێشتنی هیچ پلەوپایەو پۆستێکیان هەیە، بەو لۆژیکەی کە تێڕوانین و دیدی ئەوان تێڕوانین و دیدی دونیایەکە بەرە نەمان دەڕوات.

**********

لەدایکبوونی نەوەیەک هەمیشە لە مەیدانی ململانێی دەسەڵاتدا ڕەنگدەداتەوە، هەر کاتێک ململانێی نەوەکان نەگوازرایەوە بۆ ململانێی دەسەڵات، نەوەیەک لە دایک نەبووە. بەڵام وەک گووتم نەوەیەک بۆ ئەوەی شوناسی خۆی بسەلمێنێت، دەسەڵات بە مەحەکی سەرەکی نازانێت. شکستخواردن لە ئاستی دەسەڵاتدا شکستخواردن

نییه له ئاستی بایەخی مێژووییدا.

دەسەڵات، پێوەری شوناسی نەوەکان خۆیان نییە، بەڵکو پێوەری کرانەوەی دەرگاکانی کۆمەڵگایە بۆ نەوەکان.
دەشێت نەوەیەک دەرگاکانی دەسەڵاتی بۆ بکرێتەوە، بەو مەرجەی دەستبەرداری شوناسی خۆی بێت وەک نەوەیەکی دی، نەوەیەکی جیاواز و ڕامنەکراو. دەشێت نەوەیەکیش لە شەڕی دەسەڵاتدا بدۆڕێت، بەڵام لە دروستکردنی شێوازێکی دیکەی بیرکردنەوەو ژیاندا سەرکەوێت.

کە قسە لە شوناسی نەوەیەک دەکەین، پێوەرمان ئیرادەی شەرمنەکردن، داهێنان، توانای قەناعەت پێهێنان، سەرسامکردن، چۆنێتی تێڕوانین، چۆنێتی ئومێدە.

کاتێکیش قسە لە کرانەوەو تێگەیشتنی کۆمەڵگا لە نەوەیەک دەکەین، قسە لە توانای خۆگونجاندنی کۆمەڵگا دەکەین لەگەڵ ئومێدە نوێکان و یۆتۆپیا تازەکاندا.

کاتێکیش قسە لە پەیوەندی حیزب و نەوەکان دەکەین، قسە لە دەسەڵات دەکەین، قسە لە کرانەوەی حیزب دەکەین بۆ ململانێی دەسەڵات... هەر کاتێکیش حیزب خۆی لە ناوەوە بۆ ململانێیەکی ئازادی دەسەڵات نەکرایەوە، بواریش نادات، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا هێزگەلێک دروستبن ئەو ململانێیە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەڕێوەبەرن.

**********

لێرەوە مەرجێکی سەرەکی دیموکراسییەت، باوەڕهێنانە بە پیربوون و لە کارکەوتنی گووتاری نەوەیەک لە نەوەکان. ئازایەتی ڕاستەقینەش قسەکردن نییە لە نەوەی نوێ، بەڵکو قسەکردنە لە ئاوابوونی خۆری نەوە کۆنەکان.

تێبینی: بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسەر، هیچ کەسێک یان دەزگایەک مافی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتەی نییە.